## بەش/ ماتماتیك

## کۆلێژ / پەروەردە

## زانکۆ / سەلاحەددین

## بابەت/ پێوان و هەڵسەنگاندن

## کۆرس بووك – (قۆناغی سێیەم )

## مامۆستای بابەت / شاهین خالد رشید

## ساڵی خوێندن / ٢٠٢٣/٢٠٢٢

# کۆرس بووك
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی بابەت | پێوان و هەڵسەنگاندن |
| ٢. مامۆستا | شاهین خالد رشید |
| ٣. بەش / کۆلێژ | ماتماتیك / پەروەردە |
| ٤. زانیاری بۆ پەریوەندی | الايميل:shaheen rashid @ su.edu.krd<br>رقم الهاتف (اختياری): |
| ٥.یەکەکانی خوێندن لەهەفتەدا | ٣کاتژمێری تیۆری |
| ٦. ژمارەی کاتەکانی کارکردن | ٣٥کاتژمێر |
| ٧. رمز المادە (course code) | |
| ٨. البروفایل الاکادیمی للتدریسی | خوێندنی زانکۆم لەساڵی ٢٠٠٨ تەواوکرد، وە لەهەمان ساڵدا کارم کرد بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەبەشی پەروەردەو دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەناونیشانی ( تویژەری پێشکەتوو) لەبەشدا ، وە لەخوێندنی بالاّ ماستەر وەگیرام لەساڵی ٢٠١٠ لە پسپۆری دەرونزانی . دوای تەواوکدرنی ماستەر نازناوی زانستیم بووبە (مامۆستای یاریدەدەر) بۆ ماوەی هەشت ساڵ وانەم گوتەوە لەبەش رێنمای وە هەروەها لەبەشەکانی پەروەردەی تایبەت وە بەشی ماتماتیك وە بەشی کوردی وە بەشی کیمیا وە بەشی فیزیا وە بەشی بایۆلۆجی .... ، بەشداری چەندین کارو چالاکیم کردوە لەبەش وە لەلیژنەکان لەسەر ئاستی بەش وەکو لیژنەی بینین و راهێنانی قوتابی – قوناغی جوارەم وە لیژنەی کۆمەلاّیەتی وە لیژنەی پەرتوکخانە وە هەروەها بەشداریم کردووە لیژنەی تاقیکردنەوە لەسالانی ٢٠١٥- ٢٠١٦وە ٢٠١٧-٢٠١٨ وە ٢٠٢٠- ٢٠٢١ . |
| ٩. چەمکەکانی بابەتەکە | چەمکی پێوان و هەڵسەنگاندن ، چەمکی تاقیکردنەوە چەمکی فێربوون ، چەمکی فێرکردن ، ، . |

## ١٠. نبذة عامة عن المادة

پێوان و هەڵسەنگاندن بابەتێکی گرنگە لەبابەتەکانی دەروونزانیدا کە گرنگی بە روونکردنەوەو شارەزاکردن بە پێوان و هەلسەنگاندنی قوتابی دەدات وە هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی و چۆنییەتی کۆنترۆڵ کردنی پۆل .
فێربوون و تێگەیشتین تاك بە چەمك و بنەمای پێوان و هەڵسەنگاندن و هەنگاوە سەرەکیەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەداهاتوودا ببێت بەمامۆستایەکی سەرکەوتوو لە پرۆسەی مامۆستایی و پرۆسەی وانە ووتنەوەدا ، کە بەهۆیەوە دەتوانێت سەرکەوتوبێت لە فێرکردنی قوتابیەکانی .، شارەزابون لەم بابەتەدا وا دەکات کە قوتابی تواناکانی خۆی بناسێت ، وە تاقی کردنەوە جۆرەکانی بە باشی و خراپی و مەرجی نووسینی بزانێت و شارەزابێت لە نووسینی پرسیار بەپێی پسپۆری خۆی .
لەسەرەتای ئەم بابەتەدا فێروونی چەمکی پێوان و پێناسەکردنی و زانینی گرنگی پێوان لە پرۆسەی پەروەردە هەروەها زانینی

پێناسی تاقیکردنەوە و گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن بۆ هەریەکە لە مامۆستا وە قوتابی وە بۆ بریاردەر هەروەها قوتابی شارەزابێت لە چەمکی هەلسەنگاندن وە جۆرەکانی هەلسەنگاندن لەبواری پەروەردەیی یدا ، وە پێوان و هەڵسەنگاندن واتە {بوونی چەمکی پێوان وە چەمکی هەلسەنگاندنی قوتابی ، وە لە دواییدا ناسین و زانینی ئامانجەکانی پەروەردەیی و گرنگی و بنەماو پێوان و هەڵسەنگاندن یا، وە هەروەها فێربوونی شێوازە جۆراوجۆرەکانی تاقیکردنەوە و بەکارهێنانیان لەناو پۆلدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە . نووسینی و دانانی پرسیار بەپێی پسپۆریەکەی خۆی کە پسپۆری ماتماتیکە .

ئەگەر قوتابی بتوانێت هەموئەمانە فێرببێت ئەوا دەتوانێت کاری دەست بکەوێت لە بواری پسپۆریەکەی خۆیدا کەئەویش پیشەی مامۆستایەتیە وە لێهاتوو دەبێت لەکارەکەیدا وە لەهەمان کاتدا دەتوانێ کاریگەری لەسەر کەسانی تریشدا دروست بکات .

**١١. ئامانجی بابەتەکە**

ئامانجی بابەتی پێوان و هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە قوتابیان شارەزابن بە چەمکەکان وە هەوروەها ناسینی و زانینی گرنگی پیوان و هەلسەنگاندن وە هەروەها قوتابی بتوانێت لە داهاتوودا بەرێگەیەکی راست و دروست تاقی کردنەوەی قوتابی یەکانی بکات وە قوتابی هەلبسەنگێنێت وە لەمانە کەدەیکات دووریێت لە لایەینگیری وە هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابی لەکەش و هەوایەکی سەربەخۆ بابەتی یانە دوور لە لایەنگیری و کارپێگەربوون بە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان کە کار بکاتە سەر پرۆسەی پێوان و هەڵسەنگاندنی قوتابی تا لەداهاتوودا مامۆستایەکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت و لەبواری پسپۆریەکەی خۆی دا سەرکەتوو بێت و بتوانێت زاڵ بێت بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی خوێندن و فێربوون .

.

١٢. التزامات الطالب:

**قوتابی یان لەسەریانە کە ئامادەبن لە پۆل داو بەشداربن لەو گفتۆگۆیانەی کە لەپۆل دا ئەنجام دەدرێت هەروەها بەشداربن لە چالاکی یەکان کە داوایان لێدەکرێت کە ئەویش پێشکەشکردنی سیمینار بێت یان ئامادەکردنی راپۆرت بێت کە پەیوەندی بە بابەتەکە هەبێت بکەن ، هەوەها چالاکی یەکی تر دەکرێت لە پۆلدا ئەویش بەشێك یان زیاتر لەبابەتی بیرکاری قۆناغەکانی بنەرەتی یان ئامادەیی دەدرێت بە قوتابی وە قوتابی هەڵدەسێت بە دانانی پرسیار لەو بەشە کە بۆی دیاریکراوە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کەپێشتر وەری گرتووە و فێربووە لەسەر جۆرەکانی تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە پیشەی مامۆستای یدا فێربێت** و بزانێت کە چۆن پرسیار دادەنێت.

١٣. طرق التدريس

لەم بابەتەدا سبورە وە داتاشۆ وە هەروەها بابەتەکە کراوەتە چەند بەشیك و رێکخراوە دەدرێت بەقوتابی .

وە رێگای وانەووتنەوە سەرەتا بابەتەکە شی دەکرێتەوە بۆ قوتابی وە شرح دەکرێت دواتر رێگای گفتۆکردن وە رێگای پرسیارکردن بەکاردێت بۆ زانینی وە دڵنیابوون لە فێربوون و تێگەیشتنی و وەرگرتنی بابەتەکە لەلایەن قوتابی یەوە .

١٤. نظام التقييم

**أساليب التقويم: الدرجه الكليه من (١٠٠) وستوزع على النحو التالي:**

| | |
|---|---|
| **- امتحان نصفي** | **١٥ درجه** |
| **- امتحان نصفي** | **١٥ درجه** |
| **- تقارير والمشاركه الصفيه** | **١٠ درجه** |

| | |
|---|---|
| - **الامتحان النهائی** **٦٠ درجه** | |
| ١٥. **نتائج تعلم الطالب**<br>**بەرهەمی فێربوونی قوتابی لەم بابەتەدا ئەوەیە کەچۆن بتوانێت وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو وانە بڵێتەوە وە هەروەها چۆن بتوانێت پرسیار دابنێت بەپی ی پسپۆری خۆی وە قوتابی هەڵبسەنگێنێت وە سوودی هەبێت لە فێرکردنی قوتابی ، بۆیە پسپۆری ماتماتیك دەتوانێت لە قوتابخانە حکومی وە ناحکومی وانە بڵێتەوە خزمەت بکات .** | |
| ١٦. **قائمة المراجع والكتب**<br>١. ابو لبدة ، سبع محمد ، **مبادئ القياس النفسي والتقيم التربوي** ، ١٩٨٢، الطبعة الثانية ، عمان – الاردن.<br>٢. الدوسري، راشد حماد، **القياس والتقويم التربوي الحديث** ، ٢٠٠٤،، الطبعة الاولي ، دار الفكر للنشر والتوزيع<br>٣. علام ، صلاح الدين محمود، **القياس والتقويم التربوي** ، ٢٠٠٧، دار الميسرة<br>٤. علام ، صلاح الدين محمود ، **الاختبارات التشخيصية**، ٢٠٠١، دار الميسرة<br>٥. مرادوسليمان ، احمد ، علي ، **الاختبارات والمقاييس في العلوم النفسية والتربوية** ، ٢٠٠٢، دار الكتاب الحديث.<br>٦. **قادر، رەمەزان حمەدەمین ، پێوان و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ، ٢٠١٦، چاپی یەکەم ، کتێبخانەی سۆفیا – کۆیە** | |
| ١٧. **المواضيع** | **اسم المحاضر** |
| الفصل الأول<br>• **پێشەکی یەك لەسەر بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی**<br>• **پێشەکی یەك لەسەر پێوان و پێناسەکەی**<br>• **گرنگی پێوان لەپرۆسەی پەروەردەدا**<br>• **تایبەتمەندی پیوانی پەروەردەیی و زانستی لەگەڵ جیاوازی نیوانیان**<br>• **تاقی کردنەوە ، پێناسەی**<br>• **تاقی کردنەوەی دەست کەوتی خوێندن**<br>• **گرنگی تاقیکردنەوەی دەست کەوتی خوێندن**<br>• **جیاوازی تاقیکردنەوە لەگەڵ پێوەر** | محاضرة الاولى الى محاضرة الثالثة |

| | |
|---|---|
| • **الفصل الثاني**<br>- **جۆرەکانی تاقی کردنەوە .**<br>- **تاقی کردنەوەی زارەکی ( سیفاتە باشی یەکانی – خراپی یەکانی – مەرجی بەکارهێنانی)**<br>- **تاقیکردنەوەی کرداری (باشی ، خراپی ، مەرجی بەکارهێنانی)**<br>- **تاقی کردنەوەی مقالی ( باشی ، خراپی ، مەرجی بەکارهێنانی**<br>- **تاقی کردنەوەی بابەتی ، جۆرەکانی ، ( سیفاتی باشی وە خراپی هەریەکەیان لەگەڵ چۆنیەتی دانانی ئەم جۆرە پرسیارانە )**<br>- **الفصل الثالث**<br>- **هەڵسەنگاندن ، باسکردنی پێشەکی یەك لەسەر ی وە پێناسەکەی .**<br>- **هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ، جۆرەکانی ( سەرەتایی ، بنیاتنان ، کۆتایی ، دوابەدوایی ) .**<br>- **ئامانجی پەروەردەیی ، پێناسەکردنی وە سەرچاوەکانی ئامانجی پەروەردەیی.**<br>- **بوارەکانی ئامانجی پەروەردەیی ( عقلی ، دەروونی ، جوولەیی).**<br>- **هەڵسەنگاندنی قوتابی**<br>- **هەڵسەنگاندنی ئارەزووی فێرخواز وە ڕێگاکانی وە سوودەکانی .**<br>- **هەڵسەنگاندنی مامۆستا ، وە سیفاتەکانی مامۆستای سەرکەتوو.** | من المحاضرة الرابعة الى محاضرة الثامنة<br><br>من المحاضرة الثامنة الى محاضرة العاشرة |

| | |
|---|---|
| **الفصل الرابع**<br>- سیفاتی باشی تاقیكردنەوە<br>- گشتگیر<br>- بابەتی<br>- جێگیری<br>- راستگۆیی<br>- هۆكارەكانی كاریگەر لەسەر جێگیری تاقیكردنەوە<br>- هۆكارەكانی كاریگەر لەسەر راستگۆیی تاقیكردنەوە.<br>-<br>**الفصل الخامس**<br>• ئامرازەكانی پێوان<br>• راپرسی ( هەنگاوەكانی دانانی راپرسی ) جۆرەكانی راپرسی وە باشی وە خراپی.<br>• تێبینی كردن ( جۆرەكانی تێبینی كردن)<br>• چاوپێكەتن ( جۆرەكانی چاوپێكەتن ، سیفاتی ئەو كەسەی بە چاوپێكەوتن هەڵدەستێت ) | من المحاضرة العاشرة الى محاضرة الثاني العشر<br><br>من المحاضرة الثالث عشر الى محاضرة الخامس العشر |
| **١٨. المواضيع التطبيقية (إن وجدت)** | |

**١٩. الاختبارات**

**١. انشائي:**

**پێناسە ئەمانەی خوارەوە بكە؟**

**١- پێوان ٢- تێبینی كردن.**

**الجواب**

**١-بریتیە لە بریتی یە لە پێدانی ژمارە بە سیفات و تایبەتمەندی یەكان .**

٢- تێ بینی کردن له ئامرازه گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دادەنرێت له تێبینی کردن هەستی بینین و بیستن ، وه ژیر بەکاردێت

**٢. صح أو خطأ:**

ضع علامة (√) للعبارة الصحيحة وعلامة (X) للعبارة الخاطئة واذا كانت العبارة خاطئة صحح ما تحته خط.

**أ- لەتاقی کردنەوەی زارەکی بوونی خودی ولایەنگیری هەیه لەدانانی نمره لەلایەن مامۆستاوه.**

**الجواب**

أ- √

**٣. الخيارات المتعدده:**

**أختر الجواب الصحيح من بين عدة الاجوبة للعبارات التالية.**

١ -یەکێك له هەڵسەنگاندنانه پشت دەبەستێبه تاقی کردنەوەی سەرچاوەی معیاری :

أ- هەڵسەنگاندنی دوابەدوایی ب- هەأسەنگاندنی بنیاتنان ج- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی د- هەڵسەنگاندنی کۆتایی

الجواب

د- هەڵسەنگاندنی کۆتایی

**ملاحظات اخرى**

**٢١. مراجعة الكراسة من قبل النظراء**